هەرێمی کوردستان/ عێراق

ئەنجومەنی وەزیران

إقليم كوردستان/ العراق

مجلس الوزراء

بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران

ژمارە (٣٢) لە ٢٠١٩/١٠/٣٠

پشتبەست بە ئەحکامی ماددەی (هەشتەم) لە یاسای ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان ژمارە (٣)ی ساڵی ١٩٩٢ هەموارکراو، و لەبەر رۆشنایی کۆنووسی کۆبوونەوەی ئاسایی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (١٢) لە ٢٠١٩/١٠/٣٠، بڕیاردرا بە:

١. پەسەندکردنی مەبدەئیی پێشنیاری بەڕێز وەزیری شارەوانی و گەشتوگوزار بۆ هەمواری (پەیڕەوی پێکهێنانی ئەنجومەنەکانی شارەوانی لە هەرێمی کوردستان-عێراق ژمارە (٥) لە ساڵی ٢٠١٧) بە رەچاوکردنی ئەو تێبینی و سەرنجانەی لەلایەن بەڕێزان وەزیرە پەیوەندیدارەکان خرانەڕوو لە کۆبوونەوەی ئاماژەپێدراوی سەرەوە.

٢. ڕاسپاردنی هەریەك لە بەڕێزان وەزیری شارەوانی و گەشتوگوزار و سەرۆکی دیوان و سکرتێری ئەنجومەنی وەزیران بۆ پێداچوونەوەی پێشنیاری هەمواری یەکەمی پەیڕەوی ئاماژەپێدراو لە برگەی (١)ی سەرەوە.

٣. وەزارەت و لایەنە پەیوەندیدارەکان ئەم بڕیارە جێبەجێ دەکەن.

مەسرور بارزانی

سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران